دژە تیرۆری عێراق: بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاسایشی هەرێم تیرۆریستێک لە پارێزگای سلێمانی دەستگیرکرا

دەزگای دژە تیرۆری عێراق ڕایگەیاند بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاسایشی هەرێم تیرۆریستێک لە پارێزگای سلێمانی دەستگیرکرا.

دەزگای دژە تیرۆری عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، "بە هەماهەنگی هاوکاری لەگەڵ دەزگای دژە تیرۆر و بەڕێوەبەرایەتی ئەپەراسیۆنەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، تیرۆریستێک لە پارێزگای سلێمانی دەستگیرکرا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لە چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ دژە تیرۆری سلێمانی، ئەپەراسیۆنەکیان لە زنجیرە چیای پەکانە لە قەزای دوزخورماتوی پارێزگای سەلاحەدین ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا سێ ئەشکەوت و سێ پێگەی تیرۆرستان کە کۆرستەی ئامادەکراوی تەدابوە بە تەقاندنەوە، لەناوبران. هەروەها لە گوندی زیرکەی قەزای دوزخورماتو سێ ئەشکەوت و پێگەی دیکە لەناوبراون".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی دەزگای دژەی تیرۆری عێراق، لە ئەرکێکی دیکەی جیاوازدا هێزەکانیان لە بیابانی ڕوتبەی پارێزگای ئەنبار، توانیان ژمارەیەك پێگە و ناوچە بگەڕێن و پاکیان بکەنەوە، هەروەها ئەو شوێنانەیان لەناوبرد کە تیرۆرستان بەکاریان هێنانوە و کۆرستەی ئامادەکراوی تەدابوە.